کوردستان نێت
KURDISTAN NET
www.kurdistannet.org
26-2-2007 18:54 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## له مۆنمێنت و لالشەوە بەرەو کەنیسە و حوسەینیەکان. . . جەلال ڕەووف ئەمین

جەستەی لاواز و کەم هێز لەبارترە بۆ ڤایرۆس و بەکتریا مشەخۆرەکان تا تیایدا جێ قەپیان گیرتر و



ویستیان باشتر بێتەدی، دوژمنانی زانست و پێشکەوتنیش میکرۆب ئاسا بە دوی درز و کەلێنەکاندا وێڵن بۆ چونە ژورەوە و دارزان و لێکترازاندنی زیاتری ئەو جەستە نائاساییانە لە هەرشوێنێک بنەوبارگەی ئوردوی ئیسلام و گروپەکانی لێبێت ئەو جێگایە داغانە و ژیان تێیدا بەرتەنگە و خەڵکەکەیشی هەراسان، نمونەیان هەموو وڵاتە عەرەبیەکان و ئەفغان و ئێران و پاکستان و بەنگلادیش و ئەندەنوسیا و تورکیا و. . . بە داخەوە کوردستانیش، تێزی کلتورێکی قێزەونی تاوانئامێزی مێژویی عەرەب تێکەڵ بە ئەجندای ئاینێکی خۆ



سەپێنی مرۆڤ کوژ کراوە و بەردەوام وەک ئەتۆمێک ڕەهەندەکانی مرۆڤایەتی سنوردار و بەرتەسک دەکاتەوە لەهەر شوێنێک باڵادەست بن کاول و وێران و گەلەکەی زەلیل دەکەن، کوردستان وەک ماسیەکی نێو ڕەشەلەپ و فیکر و دینی عەرەب فرتەفرتی دەرباز بونیەتی ئەوانیش تا بتوانن و ئەوەی لەدەستیان بێت دەیکەن بۆ مانەوەی کورد و ئەتنیکەکانی تریش لە ناو شورە و بنچۆڕی گۆمە لێڵەکەیاندا، براکوژی و گرژیەکانی یەکێتی و پارتی ئاوێتە بە گەندەڵی و نەزانکاریان سپەیسێکی گونجاوی ڕەخساند بۆ تروکاندنی گەرای نەیاری ئیسلامگەری و خۆیان لە کێشە ئابوری و کۆمەڵایەتیەکانەوە ئاڵاند و بە دەمامکی جیاوازەوە تێکەڵ بە هەستی بەرهەڵستکاری جەماوەر بون و لە هەر جوڵەیەکدا ئەوان بە ئاڕاستەی ویستی گڵاویاندا دەبرد ئەوە مۆنمێنتی سوتاوی هەڵبجە و ئەوە لالشی کاول و ڕوخاوی ئێزیدیەکان لە شێخان و ئەوەش سایتی دەنگی ئیسلام و هەڕەشەکانیان لە کرستیان و شیعەکان، هەرشەڕ و پێکدادانێک لە پێشدا میدیا زەمینەی بۆ خۆشدەکات تا هۆکارۆکەیەک دەبێتە دەستپێک و بەرپا بونی، ماڵپەڕی ناوبراویش ماوەیەکە لە ڕێگەی چەند بابەتێکەوە دەیەوێت هانی موسڵمانی کورد بدات بۆ پەلاماری کرستیانەکانی کوردستان گوایە تەبشیری ئەوان لە سەروچاوە و جێگاکانی تر زیادی کردووە و ئەمەش لە فەرهەنگی ئیسلامدا قابیلی قبوڵ نیە درۆی ئەوەش دەکەن کە لەناو وڵاتانی خاچداردا کەس ناتوانێت ئیسلامیەت بڵاو بکاتەوە کە وانیە، دژی کوردستان تیڤی نوسیویانە کە ڕێگەی بە فەلەیەک داوە باسی ئەرێنی ئاینەکەی کردووە ئەمەشیان کردۆتە بەڵگەیەک کە کەناڵەکە مەهام و پەیامی خۆی لە دەست داوە، هەرچەندە بە ئاشکرا پارتی کە خاوەنی کەناڵەکەیە کەموکوڕی هەیە لەوەی کە دەبوو لە ناوچە مەسیحی و ئێزیدیەکاندا بەرپرسی حیزبی و ئیداری لەوان بوایە نەک مێژوو دوبارە بکاتەوە کە لە سۆراندا حەمیدەفەنی سیدەکانی و عێزەدین بەرواری دەکردە فەرماندەی یەکەم، بابەتێکی تری دەنگی ئیسلام دژی شیعەکانە ئەمەش خوازیاری گواستنەوەی ئەو شەڕەی ناوەند و خواروی ئێراقە بۆ کوردستان کە وتارەکەی قەرزاویش لە هەمبەر هەردوو سەرۆک تاڵەبانی و بارزانی بارگاوی بوو بە هەمان پەیامەوە کە ئەم سایتە خێرا بڵاوی کردەوە، پێویستە بزانرێت کێشەی شیعە و سونی هەمان کێشەی نێوان هۆزەکانی نێو عەرەب بون پێش ئیسلامیش کە لە دەسەڵات گرتنە دەست و فەرهود و پاوەنخوازیدا بە یەکتریان دەکرد ئەوەتا محەمەدی پەیامبەر خۆی سەرکردایەتی پەلاماردانی هۆزەکانی عەرەبی هەوازین و سەقیفی دەکرد و 6000 کچی

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

لێدەکردنە جاریە کەواتە کلتورێکی کۆنی بەرگپۆشە بە ئیسلام نمونەش دوای مردنی محەمەد کۆمەڵێک لە دین هەڵگەڕانەوە لە لایەن ئەبوبەکر و عومەرەوە فەرمانی کوشتن و لەناوبردنیان درا لەو کاتەشدا شوێنکەوتوانی عەلیش گروپێکی ئیسلامی ناڕازی بون لە دەسەڵاتی ئەبوبەکر مێژوی ئیسلامی عەرەبی لە قەڵەمی تەبەریەوە دەیگێڕێتەوە کە خالیدی کوڕی وەلید پەلاماری هەڵگەڕوەکان دەدات و لەگەڵیدا هەڵئەکوتێتە سەر ماڵی یەکێک لە یارانی عەلی لە دوای کوشتنی پیاوەکە بە یاسای جەنگەڵی ئەوان ژنەکەی دەبێتە جاریە و خۆیان وتەنی خالید ئیختیسابی ئەکات لە ماڵەکەی خۆیدا عومەر بەم هەواڵە توڕە ئەبێت کە ژنە موسڵمانێکی عەرەبی موحەسەن وا لێکراوە بەڵام ئەبوبەکر بە پاساوی توندی شەڕەکە خالید بە سەرکردە ئەهێڵێتەوە، کاتێکیش عەلی دەستی ڕۆی ژنەکەی ئەبوبەکری هێنا و محەمەدی زڕ کوڕی هاندا و خەلیفە عوسمانی پێکوشت و فیتنەی شەڕی جەمەل هەڵگیرسا کە 8000 عەگال بەسەری تیا کوژرا بە تەلحە و زوبەیرەوە کە دوو لەوانە بون موژدەی بەهەشتیان پێدرابو – عەشرە موبشیرە- نیازخراپی دەنگی ئیسلام لەوەدایە کە زۆرینەی سونی کوردستان لە دژی کەمینەی عیسایی و شیعە ئەجوڵێنێ و بە زەقی ومەبەستداری ناوی کڵێسا و حوسەینیەکانیان دەبات تا لە هەلێکی لەباردا وەک مۆنمێنت و لالشی ئێزیدیەکان بە هەڵکوتانەسەر و سوتاندنیانی بدات دەنا هەموو کورد ئەوە دەزانین کە عەرەب بە شیعە و سونیەوە کورد بە جنۆکە و یەهودی دووەم دەزانێت و دڕندە ئاسا کاری زۆر خراپیان بەسەر ئەم گەلە هێناوە هەر لە ئەنفالی سەدەی 7 ەوە تا دەگاتە ئەنفالی 1988.

بەریتانیا 26-2-2007

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.